ئەگەر هەرکەسێک خەوت؛ پێش ئەوەی نوێژی وپتر بکات، یان لەبیری چوو؛ ئەوا با ئەنجامی بدات ئەگەر بیری کەوتەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەرکەسێک خەوت؛ پێش ئەوەی نوێژی وپتر بکات، یان لەبیری چوو؛ ئەوا با ئەنجامی بدات ئەگەر بیری کەوتەوە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر هەرکەسێک خەوت پێش ئەوەی نوێژی وپتر بکات یان لەبیری چوو ئەنجامی بدات، هەتاوەکو بەیان دەرکەوت -کاتی بانگی بەیانی هات-؛ ئەوا لە پاش بانگی بەیانی -دەرکەوتنی بەیان- ئەنجامی دەدات، ئەم فەرموودەیە ڕوونی دەکاتەوە دروستە نوێژی وپتر لە پاش دەرکەوتنی بەیان -بانگی بەیان- ئەنجامبدرێت بۆ کەسێک لەبیری چوو بێت یان خەوتوو بێت؛ چونکە بیانوویەکی -عوزرێکی- شەرعی هەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11277